
## ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# (ڕۆژانێ لە ڕۆژانی قوتابخانە)

**ئەحمەد سالار**

مانگانە بۆ گوڵان دەینووسێت

قوتابخانـــە، بەتایبەتی ســـەرەتایی، بەرادەیەك لە زەیندا تۆمار و چەسپ دەبێ، فراوانترین پانتایـــی، هەرچۆن ڕۆژانی منداڵی، لە هۆش و گۆشدا داگیر دەکات و نەك هەر بـــە زیندوویێتی دەمێنێتەوە، بگـــرە جوانتـــر و مزرتـــر و رەنگینترو شـــیرینتریش دەبێ، ئێستاکەش، نەك کە بەلای قوتابخانەکەی سەرەتاییدا گوزەر دەکەم، بەڵکو هەر کە ناوەکەی بەبیرمدا دێ هەر هەموو دێنەوە یادو، وروژانێ لە دوتۆی ئەلبوومی یادگارەکانی ڕۆژانی تەمەندا دەکات، خودا شـــایەتە هەژانی وا بە گوڕو تین نەبووبێ، بووژاندنەوەی سەرجەم هەســـتەکانە لە سای ئەو ساتە یادەوەرییەدا، بۆنی تەباشیر و، قەڵەم دادان و لاستیکی سڕینەوە و، دەنگی زەنگ و، وانە وتنەوە و.... تەنانەت بۆنی شیری کوڵاو – ئەو ساڵانە شیریان بە قوتابیان دەدا و دەبـــێ هەر قوتابییە دۆلکەیەکی فافۆنی بە پشتێنەکەیەوە بکردایە- جگە لـــەوەی بۆنی ئەو ڕۆن ماســـییەی، کە دەیاندایـــنێ و، قوتابی چەتوونی ئەوتۆ هەبوو، دەیخســـتە ســـەر ئەو سۆپایەی



لەناو قەفەزێکی ئاسنین لە گۆشەیەکی پۆلەکەدا بوو، بۆنی نەوت و ڕۆن ماسیی سووتاو، مامۆستاکانی ناچار دەکرد، بەو زستانە سارد و تەڕ و تووشانەی جاران، لەگەڵ کردنەوەی پانکەدا سەرجەم پەنجەرە ودەرگاش بکرێتەوە و لەولاشەوە دارو فەلاقە ئامادەبوو.

قوتابخانەکەمان، قوتابخانەی (ئەیوبیە) بوو، لەسەر تابلۆکەی نووسراوە، ساڵی (١٩٢٤-١٩٢٥)دروست کراوە، واتە لە قوتابخانە هەرە دێرینەکانی سلێمانییە، یەکەم بەڕێوەبەرمان مامۆستا( جەمال سەلیم)بوو، چونکە پێشتر ئەفسەربوو بوو، بەیانیان کە ریز دەکراین و ئاڵا هەڵدەکرا، گەلێك گوشاد دەبوو، جارانی ئەفسەری خۆی دەبینییەوەو، وای دەبینی لەبەردەم لەشکرێکی سەربازیی(کۆماندۆ)ی ئەڵمانیدایە و مەشقی تەیارکردن و خوێن گەرمی بەرەنگاربوونەوەیەکی گەورەیان دادەدا، هاواری دەکرد بێچوە شێرانی وەتەن وریابن، پشووبەن.. نیوەی گەڕەکی(چوارباغ)ی بە ئاگادەهێنا، سروودمان دەگوتەوە و، گەلێك جار دەمەتەقێ جوانەکەی (بێکەس)مان دەنواند:

(تۆ چیت؟ من کوردم، نەتەوەی گوردم
خۆ ترسنۆك نیت ؟ حاشا نە بەردم
چی تۆی لەناوبرد؟ دوو دڵی و نیفاق
چۆن رزگار ئەبی ؟ هەر بە ئیتتیفاق
بڵێ چیت ئەوێ ؟ بەرزی وەتەنم
بە خۆڕایی نا، بە گیان و تەنم
چیت لە بارایە ؟ خۆ فیداکردن...)

پاشان زانیم ئەو سروودانەی(زێوەر) و(بێکەس) چ کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر هزری کوردایەتیمان هەبوو، پێشینان، رەحمەت لە گۆڕیان، دەیان گوت:( هەر دەوەنە و دەبێ بە دار) بەڵێ وا دەرچوو، کاتێك لە وێنەیەکی ئەو ساڵەی لە پۆلی چواری سەرەتاییدا بووم، لە هاوڕێکانم دەڕوانی، بۆم دەرکەوت، پتر لە نیوەیان لە ڕێگای کوردستان دا شەهیدکراون.

ئەو قوتابخانەیەمان، لە قوتابخانە سەرکەوتوو دیارەکانی شار بوو، بەتایبەت لە بوارەکانی چالاکییەکاندا، وەرزش هونەر، چالاکی دیدەوانی، زیاتر مامۆستا(جەمال ئاغا) سەرپەرشتی دەکرد، دەبێ ئەوەش بڵێم، لەسەردەمی مامۆستا (رەشێ فەنی مەلا عەلی سەرکاریز) دا خوالێخۆشبێ، کاتێ بەڕێوەبەربوو، مامۆستایەکی ئەدیب و کوردپەروەرێکی بێ غەل و خەوش بوو، تیپی دیدەوانی لە قوتابییەکان هەڵبژێردرا، منیش کە لە گشتیان گچکەتر بووم، بەشدارییان پێ کردم، کە دەڵێم گچکە بووم، ئەو دەمە زۆربەیان، یان لە دەرەوەی شارەوە هاتبوون، یان ئەوەتا لە خوێندنی حوجرەو مزگەوتەوە خرابوونە سەرخوێندنی قوتابخانە، لەبیرمە، لە پۆلی چواری سەرەتاییدا بووم، زۆربەیان ریش و سمێڵیان هاتبوو دووان سیانێکیان خاوەنی ژن و منداڵ بوون، بەهەرحاڵ کرامە دیدەوان و، وا رێکەوت (مەلیك فەیسەڵی دووەم)سەردانی سلێمانی کرد، ئێمەشیان بردە دەشتی وەیس، کە دەرووی شاربوو، واتە بەرامبەر بارەگای (لقی ٤ پ. د.ك) ی ئێستا، بەڵام با بۆخوا بڵێم، چۆن دیدەوانێك بووم، وێنەیەکی ئەو پێشوازییەم هەبوو، ئافەرین بۆ دیدەوانییەکەی من! لە پێشوازی خاوەن شکۆدا دانیشتووم و خەوم لێ کەوتووە!!

زۆربەی قوتابیانی ئەو سەردەمە حەزیان لە کڵاو لە سەرکردن و بەستنی پشتێنی تەرەقدار و لە بەرکردنی جلی کوردی بوو، بڕیارێك هات، کە ئیدی نابێ قوتابی بە پۆشاکی کوردییەوە بێتە قوتابخانەوە.

دەبێ چاکەت و پانتۆڵ لەبەرکەن، ئەمە بووە گرفتی زۆربەی قوتابییەکان و بەرگی ئەفەندیانەیان بەلاوە سەیر بوو جگە لەوەی بەرگە کوردییەکە توندوتۆڵ بوو، لەهەمان کاتدا جێگای کتێب و دەفتەر و زۆرشتی دیکەبوو، ناچار هەر یەکە چاکەت و پانتۆڵەکەی لە توورەکەیەك دەناو بەر لە چوونە ناو قوتابخانەوە بەسەر پۆشاکە کوردییەکەدا

**ئێستاکەش، نەک کە بەلای قوتابخانەکەی سەرەتاییدا گوزەر دەکەم، بەڵکو هەر کە ناوەکەی بەبیرمدا دێ هەر هەمووی دێنەوە یادو، وروژانێ لە دوتۆی ئەلبوومی یادگارەکانی رۆژانی تەمەندا دەکات، خودا شایەتە هەژانی وا بە گوڕو تین نەبووبێ**

لەبەریان دەکرد، سەیر لەوە دابوو منیش کە خۆم کوڕە(ئەفەندی) بووم، وەکو ئەوانم دەکرد رۆژێك بەڕێوەبەر پێی زانیم گووتی باشە کاکە تۆ بۆ ؟!

دیارە لەناخدا حەزم نەدەکرد لە هاوەڵەکانم جیا ببمەوە، دەمزانی(گەر بچیتە شاری نابینایانەوە، دەبێ دەست بە چاوانتەوە بگری) رۆژان هات و لە شانۆیی (وانەی رەشبەڵەك) دا، گەیشتمەوە ئەو قەناعەتەی!
نابێ دەست بە چاوانمەوە بگرم...

**حەزم نەدەکرد لە هاوەڵەکانم جیا ببمەوە، دەمزانی(گەر بچیتە شاری نابینایانەوە، دەبێ دەست بە چاوانتەوە بگری) رۆژان هات و لە شانۆیی (وانەی رەشبەڵەک) دا، گەیشتمەوە ئەو قەناعەتەی!
نابێ دەست بە چاوانمەوە بگرم...**

# کیت مۆس لە کتێبێکی تایبەتدا



بەم دواییە لە بازاڕەکانی بەریتانیا کتێبێکی تایبەت دەربارەی ژیانی کیت مۆسی مۆدیلی بەناوبانگی بەریتانی بڵاوکرایەوە کە تێیدا زۆر بە راشکانەوە و بە روونی باس لە چەند لایەنێکی رابردووی ژیانی خۆی دەکات بەتایبەتی ئەو تۆمەتانەی بەر لە ٢٠ ساڵ ئاراستەی کرابوون بە خواردنی هیرۆیین و نەمانی ئارەزووی خواردن بۆ پاراستنی رێکی لەشی.

کیت کە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ بە سەرکەوتووترین مۆدێل دادەنرا، لە کتێبەکەیدا کە بە ناونیشانی — زە کێت موس بووك-ە دەڵێ: لە ژیانمدا رۆژێك لە رۆژان هۆگری هیرۆیین یان تووشی نەخۆشی نەمانی ئارەزووی خواردن نەبوومەتەوە، لەسەر داخوازی جۆنی دیبی هاوسەری پێشووم هەمیشە هەوڵم دەدا بێدەنگی بنوێنم بەرامبەر ئەم تۆمەتانە، من زۆر شت لە دیب فێر بووم ئەو ئەکتەر بوو و رووبەڕووی ئەم حاڵەتانە ببۆوە.

کیت لە بەشێکی دیکەی کتێبەکەیدا دەڵێ: من زۆر چانسم هەبوو کە پێوەندیم لەگەڵ جۆنی دیب هەبوو، چونکەئامۆژگاری ئەوەی دەکردم کە ئەکتەری بەناوبانگ نابێ گلەیی لە بوونی پروپاگەندە بکات یان پێی توڕە بێت و روون کردنەوەیان دەربارەی بدات، چونکە هێمنی و بێدەنگی دەبێتە هۆی ئەوەی جەماوەر زیاتر رێز لە ئەکتەر بگرن، ئەم ستایش کردنەی کیت لە کاتێکدایە کە جۆنی دیب ترسێکی زۆری هەبوو لە کتێبەکەیدا کیت بە خراپە باسی بکات.

شایەنی وتنە کتێبەکەی موس لە ٨ بەرگ پێکهاتووە و باسی قۆناغە جیاجیاکانی ژیانی دەکات.

# نەجوا کەرەم پێویستی بە پارە نییە



لە کاتی ئەنجامدانی ئاهەنگێکی گۆرانی لە ئوستراليا یەکێك لە ئامادەبووان هەستا بە فڕێدانی ژمارەیەك دۆلار بەسەر سەری نەجوا کەرەم لە کاتی گۆرانی گوتندا، ئەمەش بووە مایەی توڕەبوونی و راگرتنی ئاهەنگەکە.

دوای ئەم رەفتارە نەجوا کەرەم خۆی بۆ نەگیراو یەکسەر ئاهەنگەکەی راگرت و رووی لە جەماوەر کرد و وتی: بە گوێگرتن لە گۆرانییەکانم خەڵاتم دەکەن نەك بە فڕێدانی پارە بەسەر سەرم، چونکە من هاتووم گۆرانی بڵێم نەك پارە کۆ بکەمەوە، چونکە سەرمایە و داهاتی من ئەو جەماوەرە خۆشەویستەیە کە بەڕێزەوە دانیشتوون و هاتوون گوێ لە گۆرانییەکانم بگرن نەك بە پارە بریندارم بکەن، دواتر نەجوا داوای لە یاریدەدرێکی خۆی کرد کە پارەکان کۆ بکاتەوە و بۆ خاوەنەکەی بگەڕێنێتەوە و وتی: من پێویستم بە پارە نییە.



## ریکلامەکەی ناتالی قەدەغە کرا

دەزگای چاودێری ریکلام لە بەریتانیا دەزگا پەیوەندارەکانی ئەو وڵاتەی ناچار کرد ریکلامێکی تایبەتی مەسکارەی چاو رابگرن کە خانمە ئەکتەری ئەمریکی ناتالی بۆرتمان ئەنجامیداوە بۆ کۆمپانیای (دیۆر)ی فەرەنسی کە تایبەتە بە کەرەستەی جوانکاری.

بەپێی چەند سەرچاوەیەك هۆکاری قەدەغە کردنی نمایش کردنی ئەم ریکلامە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زیادەڕۆییەکی زۆری تێدایە لە نیشاندانی جوانی برژانگەکانی ناتالی، گۆڤاری (کلۆزیر)ی فەرەنسی لە سەرچاوەکەوە گواستیەوە لەگەڵ ئەوەی هەموو لایەك دان بە جوانی چاوی هەنگوینی و برژانگی ناتالی دەدەن، بەڵام ریکلامەکە زیادەڕۆییەکی زۆری تێدایە بە پێچەوانەی کاریگەری راستەقینەی مەسکارەکە لەسەر جوانی چاو و برژانگ ئەمەش دەچێتە خانەی ساختەکاری بازرگانییەوە.

## کیلی برۆک خەون بە کچەکەی بۆندەوە دەبینێت

خانمە ئەکتەری ناوداری ئەمریکی کیلی برۆك ئاشکرای کرد کە لە دڵەوە حەز دەکات رۆڵی کچەکەی جیمس بۆند ببینێت و بیری لە ناوێکی تایبەتیش کردۆتەوە بۆ ئەم کەسایەتییە.

رۆژنامەی (دەیلی ستار) لە سەر زاری برۆك رایگەیاندووە کە لە دڵەوە خەون بەوەوە دەبینێت رۆڵی کچێك ببینێت لە زنجیرە فیلمی جیمس بۆند و زۆریش حەز دەکات کە رۆڵێکی کچێکی خراپکار و تاوانبار بێت.

برۆك دەربارەی حەزی بۆ بینینی ئەو رۆڵە زیاتر دەڵێ: لە هەندێك فیلمی پێشووم زۆر بە دڕندانە خەڵکم کوشتووە، بۆیە لام ئاساییە و زۆریش خۆشحاڵ دەبم ئەگەر لە فیلمێکدا بکوژرێم، تەنانەت دەتوانم نازناوی (میس فانی فانی)م لێ بنێن.





## برێتنی دەبێتە شاژنێکی فیرعەونی

کچە گۆرانیبێژی ئەمریکی برێتنی سپێرز لەسەر ئەکاوەنتی تایبەتی خۆی لە تویتەر هەڵمەتێکی پڕوپاگەندەی دەستپێکرد بۆ بۆنێکی نوێ بە ناوی (فانتازی تویست).

لەم ریکلامەدا برێتنی بە سێ شێوازی جیاجیادا دەردەکەوێت بە سێ کەسایەتی جیاواز لە دەق و ناوەڕۆکدا، برێتنی بە جلوبەرگە سەرنجڕاکێشەکانی سێ کەسایەتی دەنوێنێت کە بریتین لە :برێتنی بە جورئەت، برێتنی سەرنجڕاکێش و برێتنی شاژنی جوانی.

هەر لەم ریکلامەدا برێتنی جلوبەرگی (خواوەندی جوانی) پۆشی بوو کە بریتی بوو لە کراسێکی سپی نەخشێنراو بە زێڕ و تاجێکی لەسەر نابوو کە زۆر لە تاجی شاژنەکانی میسری سەردەمی فیرعەونییەکان دەچوو.

**بەم دواییە لەشاری هەولێر دووەم فیستیڤاڵی شانۆی نێودەوڵەتی بە بەشداری چەندین گرووپی جیهانی و کوردستانی بەڕێوەچوو، سەبارەت بە کەموکوڕییەکانی ئەم فیستیڤاڵە و هەوڵەکانی لیژنەی سەرپەرشتی فیستیڤاڵەکە بۆ نەهێشتنی خاڵە لاوازەکان و بەهێز کردنی خاڵە ئیجابییەکانی، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ هیوا سوعاد سەرۆکی فیستیڤاڵەکە ساز کرد.**

## هیوا سوعاد سەرۆکی دووەم فیستیڤاڵی شانۆی نێودەوڵەتی لە هەولێر:

# دەوڵەمەند و هەڵسوڕاوانی کۆمپانیاکان لە گرنگیی شانۆ ناگەن




***وەك سەرۆکی فیستیڤاڵ دەمانەوێ لە زاری خۆتەوە بزانین ئەو کەموکوڕییانە چی بوون کە لە دووەم فیستیڤاڵی شانۆی هەولێر هەستیان پێدەکرا ؟**

- هیچ کارێك بی کەموکوڕی نابێت بەتایبەتی سازدانی فیستیڤاڵێکی لەم شێوەیە. تۆ فیستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی سازبکەیت و (١٠) وڵات بەشداری تێدابکات و هەر گرووپێك لە (٧-٢٠) کەس بێت و ڕۆژانە سی نمایشی شانۆیی و کۆڕو سیمینار و کۆبوونەوە ئەنجام بدەیت. بتەوێ بەدوای کەموکوڕیدا بگەڕێیت هەر دەیدۆزییەوە،بەڵام ئێمە هەمیشە حەزمان لەوەیە باس لە کەموکوڕی بکەین و بەدوای خاڵە لاوازەکاندا بگەڕێین. با سەیری دوێنێ بکەین و ئەمڕۆش ببینین. ئەم هەموو هونەرمەندە ناودار و گرووپە پڕۆفیشناڵانە لە سەر تەختەی شانۆی کوردستان نمایش دەکەن و لە پایتەختی کوردستان ڕاستەوخۆ لەگەڵ هونەرمەندانی کورد بیروڕاو بۆچوون ئاڵوگۆڕ دەکەن و نمایشی یەکتر دەبینن و هەرچی ستایلی نەتەوەکان و ستایلە تازەکان هونەرمەندو بینەری کورد دەیبینێت. ئەمانە زۆر لەوە گەورەترن ئێمە خۆمان بەخاڵە لاوازەکانەوە خەریك بکەین. لەگەڵ ئەوەشدا خەریکین ڕاو سەرنجەکان کۆ بکەینەوە بۆ ئەوەی بۆ فیستیڤاڵی داهاتوو سوودیان لی وەربگرین.

***هەندێك کەس پێیانوابوو ئەم ساڵ لە زۆر لایەنەوە لە پار باشتر بوو، هەندێکی دیکەیش ڕایەکی پێچەوانەیان هەیە، ئێوە چی دەڵێن؟**

-هەڵبەت دەبێ ئەم ساڵ لەپار باشتر بێت، چونکە ئەزموونێکمان هەبووە. هەوڵدەدەین بۆ فیستیڤاڵی داهاتوو زیاتر خۆمان ئامادە بکەین، لەرووی میوانداریشەوە میوانەکانمان لەئاستێکی بەرزدابوون چ لە هونەرمەندانی ناوخۆ یان ئەوانەی دەرەوەی کوردستان، نمایشەکان نمایشی ساڵ بوون واتە لە وڵاتەکەی خۆیان یان ئەوەتا خەڵاتی باشترین کاریان هەبوو یان لە ئیشە دیارەکانی ئەم ساڵ بوون. هەوڵەکانمان چڕتر دەکەینەوە بۆ ئەوەی ئەم فیستیڤاڵە بە جوانترین شێوەو باشترین کوالێتی بەردەوام بێت و گروپ و وڵاتانی زیاتر و هونەرمەندی ناودارتر و بەتواناتر ئامادەبن ئەمانەش هەموو لەپێناو سوود وەرگرتن و ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموونەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی شانۆی کوردی و نزیك کردنەوەی شانۆ لە بینەر و هەوڵدان بۆ ئەوەی شانۆ لە وڵاتی ئێمە وەك وڵاتانی پێشکەوتوو ببێتە بەشێك لە ژیان و پێداویستی ڕۆژانە.

*** کێ بانگهێشت کردنی تیپە بەشداربووە بیانییەکانی لەئەستۆ گرتبوو و ئایا لە ئاستی پێویستدا بوون؟**

هەر لە سەرەتاوە لە ماڵی شانۆی ئەڵمانیا گرووپێك پێکهێنرابوو کە نوێنەری ITI جیهانی و ITI ئەڵمانی و ماڵی شانۆی ئەڵمانی و بە شانۆی هەولێر و دوو کەسی پسپۆر لە سازکردنی فیستیڤاڵەکان ئەندام بوون لە لیژنەکە. پەیوەندییان بە چەند وڵات و گرووپی ناودار کردبوو. هەر لەوێشەوە چەندین (سی دی)مان بەدەست گەیشتبوو کە شانۆییەکان وێنەی گیرا بوو بۆمان ڕەوانکرابوو ئەوەبوو ئەو کارانەمان هەڵبژارد لەوانەیە کاری باشتر هەبوبێت، بەڵام ژمارەی بەشداربووان ئەوەندە زۆر بوون کە لە تواناماندا نەبوو میوانداریان بکەین، بۆ نموونە (قەمبوورەکەی نۆتردام) کە گرووپە ئەڵمانیەکەی پار ئامادەیان کردبوو، ئەو گرووپەی کە پار بە شانۆگەری (دایکە



ئازاکه) بەشـــداری یەکەم فیستیڤاڵیان کردبوو، بەڵام ژمارەی بەشداربووان زیاتر لە (١٢٥) کەس بوو ئەمەش لەتوانای بوودجەکەی فیستیڤاڵدا نەبوو بۆیە نەمانتوانی بانگهێشتیان بکەین.

*** ئەم تیپانە لەو ئاســـتە دا بوون کە شانۆکارانی کورد سوود لە ئەزموونەکانیان وەرگرن؟**

-بەڵـــی بۆ نموونە گرووپە ئیتاڵییەکە بە نمایشـــێکی جوان و ســـتایلێکی نوێوە هاتبوون، هەروەها ئێرانی و ئۆگەندی و پاکستانیەکانیش. میسریەکانیش گرووپێکی چـــاك بوون. ئەزموونەکەی تورکیاش شـــایەنی ئەوە بوون ببینرێن و ســـوودیان لی وەربگرێت.

*** ئەگەر ژمارەی نمایشـــەکان کەم بکرێتەوە بۆ چەند نمایشـــێکی پوخت باشتر نییە لەو قەرەباڵغیەی هەستی پێدەکرا؟**

-خۆی بەشداری کردنی گرووپێکی شانۆ ئینجا ژمارەی وڵاتان کەم بێت یان زیاد قەرەباڵغی دروست دەکات، بۆیە لە فیستیڤاڵێکی نێودەوڵەتیدا پێویستیت بەبەشداری چەند گرووپێك هەیە لە چەند وڵاتێکی جیاجیادا بۆ ئەوەی لە ئەزموون و ستایلی وڵاتانی پێشـــکەوتوو بگەیت لە بواری شـــانۆدا. هەڵبەت هەوڵ دەدەین باشـــترین گرووپ داوەت بکەین. کە فیستیڤاڵەکەش جێگیر بوو و ناوبانگی دەرکرد ئیتر زۆر بە ئاسانی گرووپی چاکتر و گەورەتر ئاشنایەتی پەیدا دەکەن و بەشدار دەبن.

*** پەیامی سەرەکیتان لە سازدانی ئەم فیستیڤاڵە چی بووە ؟**

-شـــانۆ بی هۆڵ ناکرێت. پێویســـتیمان بەوە هەیە لەگەڵ بەردەوامی نمایش و فیستیڤاڵەکان هۆڵی نوێتر و چاکتر بینا بکرێت و ئەوەی هەشە نۆژەن بکرێتەوە.

*** ئێمە زیاتر پێویســـتمان بە ساز کردنی فیســـتیڤاڵە یان دروستکردنی هۆڵی شانۆ؟**

-بەردەوامی نمایشـــەکان و بەرنامەدانان بۆ نمایش کردنی شـــانۆگەریی ئاست بەرز و ســـازدانی وۆرکشۆپ و نۆژەن کردنەوە و دروست کردنی هۆڵی پرۆفیشناڵ و بایەخـــدان بـــە رەخنە و دەقی خۆماڵی و دەقی نزیك لـــە واقعی مرۆڤی کورد و لێکۆڵینەوەی شـــانۆیی ئەمانە دەبنە هۆی پێشکەوتنی شانۆ لە هەموویان گرنگتر بەڕێوەبەرایەتیی هونەری شانۆ فراوان بکرێت و بکرێتە دەزگایەکی تایبەت.

*** وەك بەڕێوەبەرایەتیی شانۆ چ هەنگاوێکتان ناوە یاخود چیتان لەبەر دەستە بۆ زیندووکردنەوەی کلتووری شانۆ و هێنانەوەی جەماوەر بۆ نێو هۆڵەکانی شانۆ؟**

- بەڵی هەوڵمانداوە سپۆنســـەر پەیـــدا بکەین، بەڵام لەبەر ئەوەی هەم دەوڵەمەند و هەم هەڵســـوڕاوانی کۆمپانیاکان لە گرنگی شانۆ ناگەن پێویستیمان بە هەوڵ و پشتگیری زیاتر هەیە.

***کاری داهاتووتان چی دەبێت؟**

-کار و چالاکیمان نمایش کردنی چەند شـــانۆگەریەك دەبێت لە بۆنەی وەرزێکی شانۆییدا.

# پاییز وەرزی فیستیڤاڵە سینەمایی و پرۆژە هونەرییەکان!

لە چوار وەرزی ســـاڵدا تەنیـــا وەرزی پاییزە کە وەرزێکی دڵگیر و رۆمانســـی و تەمەن کورتە، دەبێتە دەســـتپێکی پرۆژە هونەری و فیستڤاڵە سینەماییەکان لە وڵاتی ئێمەدا.

لەم وەرزەدا بە یەکجاری هونەرمەندانی بواری فیلم و دراما دەست بەکار دەبن و بەرهەمەکانیان وێنە دەگرن، دەزگا هونەرییەکانیش کە تایبەتن بە کاری سینەما لەو وەرزەدا فیستیڤاڵە سینەماییەکان ساز دەکەن، کە زۆر جاران جۆرە تێکەڵییەك لە نێو فیستیڤاڵەکاندا دروست دەبێت، بە حوکمی ئەوەی کاتەکانیان زۆر لە یەك نزیکن، بۆ نموونە فیســـتیڤاڵێك لە هەولێر ساز دەکرێت، رێك لە هەمان کاتدا یان دوو رۆژ پاشتر یان زووتر، فیستیڤاڵی دی لە سلێمانی ساز دەکرێت.

پار لە هەولێر فیستیڤاڵێکی کورتە فیلمی تایبەت بە توندوتیژی هەبوو، هەر لە گەڵ ئەو، فیستیڤاڵی فیلم لە سلێمانی دەست بەکار بوو، ئەو تێکەڵی و پێکەڵییە زۆر جاران لە تام و بۆی فیستیڤاڵەکان کەم دەکاتەوە، یاخود زۆربەی هونەرمەندان لە بەشداربوونیان بێبەش دەکات، ئەمە ســـەبارەت بە فیستیڤاڵەکان.پڕۆژە هونەرییەکانیش بە هەمان شێوە لە ماوەیەکی کورتدا زۆربەی هونەرمەندان و دەرهێنەرانی فیلم و دراما خەریکی ســـتاف و وێنەگرتنی بەرهەمەکانیان دەبن، کە زۆر جاران کێشـــە لە نەبوونی ســـتاف درووست دەبێت، چونکە هەموویان ســـەرقاڵی کارکردن دەبن، یاخود هەمان کادیری هونەری بە هاوبەشـــی لە چەند پرۆژەیەکدا کار دەکەن کە ئەمەشیان هەڵبەتە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو کادیرە هونەرییە بەتەواوەتی لە بواری خۆیدا داهێنـــان نەکات و هەمـــوو کات و بیرکردنەوەی خۆی بۆ یەك کار تەرخان نەکات، لە ئاکامدا زۆربەی پـــڕۆژە هونەرییەکان بەجوانی دەرناچن یان پەلە پەلیان لێدەکرێت.

هۆی ئەم تێکەڵی و پەلەپەلیەش لەبەر ئەوە نییە کە هونەرمەندان عاشـــقی وەرزی جوانی پاییزن و حەز دەکەن لەم وەرزە قەشـــەنگەدا کارەکانیان بە فێنکی ئەنجام بدەن، نەخێر مەســـەلەکە لە دابینکردن و دواکەوتنی بودجـــەی کارەکانیانە لەلایـــەن حکومەتی هەرێمی کوردســـتان و لایەنـــی پەیوەندیدارەوەیە، چونکە هەموو ســـاڵێك تا کۆتایـــی وەرزی هاوین و هاتنی وەرزی پاییز بە تەواوەتی بودجەی پڕۆژە هونەرییەکانی وەزارەتی رۆشنبیری ئازاد و خەرج ناکرێت.

لە ئاکامـــدا دەزگا هونەرییەکان و هونەرمەنـــدان ناچار دەکات هەموو پڕۆژە و کار و فیســـتیڤاڵەکانیان لە هێکڕا لە وەرزی پاییز پەخش و بڵاو بکەنەوە، چونکە دووبارە بە هاتنی ســـاڵی تازە دەبێ تەواوی ســـولفەی پڕۆژە هونەرییەکان لە دارایی و بەڕێوەبەرایەتی گەنجینە تەسفیە بکرێت.

جا ئێســـتا ئێمە لـــە وەرزی پاییزداین دەبـــێ خۆمان بۆ بینینی چەندین فیســـتیڤاڵ ئامادە بکەین و هەر لەو وەرزەشـــدا ژمارەیەك بەرهەم و فیلم وێنەی دەگیرێت و دەست بەکار دەبێت.

ســـەری ســـاڵیش هەموو شـــتێك تا پاییزێکی دی کپ و خاو دەبێتەوە!!! بەو هیوایەی کە پاییز چۆن وەرزی گەڵا هەڵوەرینی دار و درەختەکانە وەرزی گەڵا هەڵوەرینی سینەما و پڕۆژە هونەرییەکان نەبێت.

**پشتیوان عەبدوڵڵا**